حکومەتی هەرەمی کوردستان لە ڕێگەی کەمپانیای سەمەوە دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کردووە

لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، کە هەرەمی کوردستان لە ڕێگەی سەمەوە دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کردووە و لیژنەکە گەشبینین بە چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی هەرەمی کوردستان.

دارا حەمە، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ڕاژی یەکشەممە جەختیکردەوە، کە هەرەمی کوردستان بەپێی ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرەم دەستیکردووە بە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی کەمپانیای سەمەوە و ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەمە گەشبینییەک دەخوەقێنێت بە چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان.

دارا حەمە لە لەدوانەکیدا بە ئاژانسی ئەل"موتەع"، ئەمە یەکشەممە گوتوویەتی: "فەرمانبەرانی هەرەم باجی ناکەکییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێریان داوە"، دەشڵێت: وەک لیژنەی یاسایی داوای هەنگاوی پێویستیان کردووە بە کەتاییهێنان بە قەیرانەکانیان.

ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دارا حەمە دەشڵێت:"ئەمە گەشبینین بە دەنگدان لەسەر یاسای بودجە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، چونکە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سەمەوە دەستپێکردووە و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و چارەسەرکردنی قەیرانی مووچەی فەرمانبەران".